Democracy Waves
Central Committee

شەپۆلی دیموکراسی
کـــۆمیتەی ناوەنـــدی

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی شەپۆلی دێمۆکڕاسی سەبارەت بە بڕیاری لەشکرکێشی دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا بۆ سەر دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی باشور

دوای زیاتر لە دوو مانگ تۆپباران کردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستانی باشور لە لایەن تۆپخانەکانی ڕێژیمی داگیرکەری تورکیاوە. سەرئەنجام پارلەمانی ئەم وولاتە ڕۆژی 17ی ئۆکتۆبری 2007 بڕیاری لەشکرکێشی و بە خەیاڵ داگیرکردنی کوردستانی باشوری پەسەند کرد.

دەوڵەتی تورکیا زۆر لەمێژە هەوڵ دەدات بۆ لەباربردنی ئەم دەسکەوتەی گەلی کورد لە کورستانی باشور. هەر بۆیە زۆر شێتگیرانە کەوتووەتە پەلەقاژە بە دژی ئەم دەسکەوتەی براکانمان لەم بەشەی کوردستان.

دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا بە بیانوی هەبوونی چەند بنکەو بارەگایەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی باکور ( پەکەکە)، دیهەوێت هەوای بێگەردی ئازادی و سەربەستی کوردستانی باشور تێکەڵ بە دووکەڵی باڕوت و شاری ئاوەدان کەلاوەو وێران بکات.

سەرانی دەوڵەتی تورکیا چاویان بە ئازادی کوردستان و سەربەستی گەلەکەی هەڵنایەت، بۆیە شەوو ڕۆژ لە بیری نەخشەو پلان دانانن بە دژی ئەم دەسکەوتەی براکانمان لە کوردستانی باشور.

پلانی لەشکرکێشی بۆ سەر دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی باشور لە لایەن کەمالیستەکانەوە، بێجگە لەوەی کە سەروەری حکومەتی هەرێم دەشکێنێت، هێرشکرنێکی ڕاستەوخۆو بە بەرنامەیە بۆ سەر گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان.

ڕێکخراوی شەپۆلی دێمۆکڕاسی وێڕای مەحکوم کردنی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی دەوڵەتی تورکیا، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و سەرجەم ئازادی خوازانی دونیا دەکات، ڕێگا لە هەر جۆرە دەستدرێژیەکی دەوڵەتی تورکیا بگرن بە دژی هەرێمی کوردستان.

هەروەها داواکارین لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە دەرەوەو ناوخۆ ی  کوردستان بەگشتی و ڕۆژهەلات بە تایبەتی، بە دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕێپێوان بە دژی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا و پشتیوانی لە براکانمان لە کوردستانی باشور هەڵوێست بگرن.

هاودەنگی و هاوخەباتی گەل و حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد، زامنی تێکشکانی هەر جۆرە پەلامارو هێرشێکی ناڕەوای داگیرکەرانی کوردستانە.

لەم ڕووەوە ڕێکخراوی شەپۆلی دێموکراسی پشتیوانی بێ ئەملاو ئەولای خۆی لە دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی باشور دەکات.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.
نەمان و سەرشۆڕی بۆدوژمنانی کوردستان.

کۆمیتەی ناوەندی
ڕێکخراوی شەپۆلی دێمۆکڕاسی
**1ی گەلاڕێزانی 1386ی هەتاوی**
**23ی ئۆکتۆبری 2007ز**

www.shepol.info
shepolidemokrasi@yahoo.com
shepolidemokrasi@gmail.com